کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 2-9-2007 23:19

**ئەرکی نوسەر لەم هەلومەرجەی کوردستاندا... سەمیرحسین**

گومانی تێدانی ئەمڕۆ کوردستان لە هەمووکاتێك زیاتر لەبەردەم مەترسی دایە یان بەمانایەکی دیکەی ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستهاوە هیچ هۆکارێك نیە بسەلمێنێت کە ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، بۆیە چارەنوسی کوردستان ئەمڕۆ گومانی تێدانیە بەشێکی لە دەست بارودۆخی جیهانی و ئەمریکایە هەرکاتێکێك ئێمەی کورد لە بازنەی بەرژەوەندیە جیهانیەکاندا بووین بەو مانایەیی کە لە گەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزدابوین ئەو لەوانەیە مانەوەمان درێژە بکێشێت، بەڵام بەشێکی گرنگی دیکەی لە دەست خۆماندایە، کە دەتوانین ئەزمونێکی زۆرباش پیشان بدەین.



وەکو دکتۆر محمودعوسمان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی ڕۆژدا وتی: ( (ئێمە لەکوردستاندا هیچ شتێکمان نیە بۆ ئەوەی مانەوەمان مسەوگەربکات نە هێزێکی گەورەمان هەیە بەرگری پێبکەین لەگەڵ ئێران وتورکیا و عەرەبدا، نە ئابوریەکی بەهێزمان هەیە کە پێویستمان بە وڵاتانی دراوسی نەبێت، تەنیا شتێك ئەویە کە بەڕاستی دەکرێت ئەزمونی فەرمانڕەوای خۆمان لەکوردستان بەرەو دیموکراتی بەرین دادپەروەری کۆمەڵایەتی دروست بکەین ئازادیەکان دەستەبەربکەین، بیکەینە وڵاتێکدا کە سەرنجی وڵاتانی بیانی ڕاکێشین بۆ ئەوەی ئەگەر ڕوبەڕوی هەر کاردانەوەیەك بوینەوە وڵاتانی بیانی بەرگریمان لێبکەن) ) وادەزانم ئەمە جوانترین بۆچونە دەبێت کاری لەسەربکەین، بۆیە ئەرکی ئەوانەی کە ئەمڕۆلەکوردستاندان زۆرسەخت و دژوارە، لە هەلومەرجێکی زۆر قورسدان بەدرێژای مێژوو ئەو سەلمێنراوە کە گەورەترین دوژمنی کورد خودی خۆیەتی هیچ کەس ئەوەندەی ناو خودی خۆی دوژمنی نیە. ئەم بارودۆخە زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکرێت لەکوردستاندا، پرسیار لێرەدا دەستپێدەکات گریمان ئەمریکا نەبوایە، پارتی ویەکێتی چیان دەکرد بەیەك، ئسلامیەکان هێزەکانی دیکە هەموو خەرکیی چی بوون.

بۆیە من وادەزانم ئەرکی نوسەرەکان ئەمڕۆ لەکوردستاندا زۆر قورسە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی کە دەبینرێت ئەمڕۆ لەنا وڕۆشنبیرەکاندا لە کوردستاندا زۆر خراپە کاریگەریەکی زۆر خراپی دەبێت لەسەر بارودۆخی نوسین و نەوەی داهاتوو، هەرکەسێك هەندێك ئاگاداری ڕۆشنبیرەکان بێت تێدەگات لەکێشەکانی ڕۆشنبیرەکان لە کوردستاندا هەزار خۆزگە دەخوازێت بەوەی کە هەرگیز نازانێت تەنانەت یەك وشەش بخوێنێتەوە، من خۆم بەنوسەرنازانم و هەرگیزیش باوەڕناکەم بتوانم ببم بەنوسەر چونکە نوسەر ئەرکی وەکو پەیامبەرێك وایە دەبێت چاکەسازی بکات لەناو کۆمەڵگەدا، دەبێت چاکەسازی بکات، دەبێت سیاسیەکان ڕێنوێنی بکات، من وادەزانم لە کوردستاندا گەورەترین کێشە نوسەرەکان دروستیان کردوە تەنانەت مانەوەی گەندەڵەکان، تەنانەت سیاسیە گێلەکانیش بە ئامۆژگاری نوسەرەکان لە کوردستاندا دەڕۆن بەڕێوە زۆرێك هەیە لە بەرپرسەکان نوسەرکان ڕێنوێنیان دەکەن، زۆرێك هەیە لەسیاسیەکان نوسەرەکان ئامۆژگاریان دەکەن، مەبەستم ئەوەنیە نابێت ڕۆشنبیرەکان ئەو کارەبکەن مەبەستم ئەویە دەبێت ئەمانە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەوکەسانە. بەڵام ئەرکی نوسەرکان ئەمڕۆ لەکورستاندا بەرەو کوێوە دەچێت؟ ئایا ئەو شێوازە ئیش کردنەی کە ئێمە دەیکەین چەندە تەندروستە؟ ئایا نوسەرەکان و ڕۆشنبیرەکان دەتوانن کار لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خۆشبەخت بکەن؟ بەومانایەیی کە لەداهاتوودا ئەمانە بەرهەمیان چی دەبێت؟ بەڵام ڕۆژنامەکان بخوێنەرەوە، سایەتەکان بخوێنەرەوە، گۆڤارەکان بزانە چی دەگوزەرێت، ئەمە بەو مانایەنیە هەموو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لایەنەکان بەهیچنین، نەخێر زۆرشتی باش هەیە، بەڵام من مەبەستم ئەرکی بنەڕەتیە، باوەڕناکەم هەموو جیهان ئەوندەی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکان دا بابەتی وەڵامی تێدابێت. یەکێك لەو شتانەی کە نوسەری خستوەتە ناو قەیرانێکی گەورەوە لەکوردستاندا بەڕاستی وەڵام دانەوەی یەکدی یە،

نازانم ئەم کەلتورە گەنیوەچی یە لەکوێوە هێناومانە، هەرلە نوسەری نەزانەکانەوە تاکو ڕۆمان نوسەکان وچیرۆکنوسەکان هەموو تاکو ئەوپەڕی بێمانای وەڵامی یەکدەدەنەوە. نازانم بۆچی هەمووکەس خەریکی کاری خۆی نیە؟ ئایا ناکرێت ِ ڕێگەیەکی دیکە بگرینە بەر ئەم وڵامانە یەکێکە لەو کارە بێمانایەیی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا نوسەر کردویەتی بەپێشەی خۆی کەس نازانێت ڕەخنەگر کێیە لەهەموو وڵاتنانی جیهاندا ڕەخنەگرهەیە لەبوای شعردا لە بورای ڕۆمان، وەرگێران، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەرنجی خۆی دەنوسی پاشان ئیشی لەسەردەکرێت نەك بەم شێوە قێزەونەی کە لای ئێمە هەیە کە زۆرجا تەنانەت باسی شتی زۆر نهێنی یەکتر دەکەن، کە هیچ پەیوەندیەکی مەسەلە مەعریفیەکانەوە نیە. زۆرجار ئەوانە کۆمەڵێك نوسەرن کە کارەساتەکە لەوەدایە لەکوردستاندا خەڵك پێیان سەرسامە، ئاخرئەمە ئەرکی نوسەرنیە، ئەوندەکاتی بێمانا تەرخان دەکەین بۆ دوژمنایەتی یەکتری نیوئەوەندە ئیش لەسەر کارەکەی خۆمان ناکەین، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی وەربگرین. کوردستان لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە ڕێنوێنی نوسەرەکان هەیە لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە ڕەخنە هەیە لە هەمووکات زیاتر پێویستی بەوەیە کە قسە لەسەر گەندەڵی وسیاسەت وباردۆخەکان بکرێت. بەڵام نەك بەم شێوەفەوزایە،

زۆرجار ڕۆژنامەنوسی واهەیە داتای زۆر وردو باش بڵاودەکاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە فەوزایە ئەوندە نوسینی بێمانا هەیە هیچکەس گوێی لە باشەکانیش ناگرێت، پێویستە نوسەر و ڕۆشنبیر ئەرکی خۆیان بزانن. نامەوێت باسی ئەرکی ڕۆشنبیری نوسەربکەم، (دەکرێت بۆئەم بابەت سود لەکتێبەکەی ئەدوارسعید وەرگرین) . بەڵام تەنیا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەو ئیش نیە ێمە دەیکەین بە ڕاستی بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان لەسەر شانە لە داهاتوودا بەرپرسیارین ئەو نوسینانەمان هەموو فڕی دەدرێت، تفما لێ دەکرێت بۆ خۆمان و خزمەتمان، ئەوە جگە لەدروستکردنی قەیرانی نوسین وگرفت هیچی دیکە نیە.

بەبۆچونی من دووخاڵی گرنگ هەیە زۆرگرنگە نوسەریان ڕۆشنبیر ئیشی لەسەربکات

یەکەم: ئەمڕۆ یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی لە کوردستاندا نەبونی پەروەردەیەکی تاکە یان پەروەردەیەکی خێزانی تەندروست کە، سەرەتایەکی گرنگە بۆ دروست بونی تاکی تەندروست، سیاسی تەندروست، بەرپرسیاریەتی، بەڵام ئەوەی کەتێبینی دەکرێت لەکوردستاندا ئەوەیە کەر لە هەموو بوارەکاندا کەمترین قسەلەسەر مەسەلە پەروەردەیەکان دەکرێت کەمترین بوار ڕەخسێنراوە بۆ دروستکردنی تاکی هۆشیار، هەتاوەکو تاکی هۆشیار دروست نەکرێت ناتوانین پەی بەکێشەکان بەرین ئەگەر کێشەکانیش بزانین نازانین چۆن قسەیان لەسەر بکەین، نازانین چۆن ڕوبەڕوی ئەم بارودۆخە ببینەوە هەریەکەو بۆ خوی قسەلەسەر شتەکان دەکات هەرحیزبێك وهەر ڕۆشنبیرێك بۆخۆی بەرنامە دەخاتە ڕوو چونکە نازانین لەکوێوە دەست پێبکەین. بۆیە من وادەزانم گەورەترین کێشەئەویە کە دەبێت سەرەتا خۆمان چاك بکەین پاشان خێزانەکانمان پاشان دەوروبەرمان، ئینجا بێن قسەلەسەریەکدی وپرۆژەی زلزل بێمانابکەین کە خۆشمان نازانین چی دەڵێن کارەساتەکە لێرەدا ئەوەیە کە بەڕاستی نازانین خەریکی چین، جارێك خۆمان گەورەترین کێشەمان هەیە، چەندجارێك ویستوومە وڵامی بابەتەکان بدەمەوە بەڵام بیرم کردوەتەوە باشە ئەمە بێمانایەگریمان ئەو کەسەشم خستە بەدرۆوە چی، ئایا مەسەلەکان دەگۆڕێن، ئایا نازانین ئەو قسەی لەسەر زۆر شتی بچوکردوە کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەچاو ئەو ئیشەی کە دەمانەوێت بەهەمومانەوە ئیشی لەسەر بکەین چەند بچوکە، پاشان بیرم کردەوە سەیردەکەم هەزارئەوندەی ئەو کەسەی کە دەمەوێت قسەی لەسەربکەم خۆم بێمانام و خۆم سەدان کێشەم هەیە، جارێك ئەگەر بێم قسەلەسەر خۆم بکەم ناتوانم بەهەموو تەمەنم کێشەکانی خۆم چارەسەربکەم، بۆیە کاتێك سەیری ڕاگەیاندنەکان دەکەیت دەبینیت وەڵامی زۆربێمانا، زۆرشەڕی شەخسی زۆر عەقدە کاتێك ئەوشتانە دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت ئەو کەسە چەند لە فەراغێکی گەورەدا دەژی، ناڵێم وەڵامدانەوە خراپە و نابێت بەسەر ڕاستیەکاندا تێپەڕین، بەڵام ناکرێت ئێمە وەڵامی هەموو شتێك بدەینەوە بەجۆرێك کە لەسەر بنەما بەنەڕتیەکان لابدەین. مەبەستم ئەوەیە نوسەرو ڕۆشنبیر لەکوردستاندا هێشتا زۆر ئەرکی بنەڕەتی هەیە کە قسەی لەسەربکەن وئیشی لەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەرکی نوسەر زۆر قورسە زۆر ئەستەمە بتوانین، بچینە ژێر ئەو ئەرکە قورسەوە.

دووەم: باوەڕناکەم هیچ وڵاتێك هەبێت ئەمڕۆ بە ئەندازەی کوردستان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەبێت، بەتایبەتی کێشەی سیاسی، کە بەراستی ئەرکی ڕۆشنبیرەکانە کار لەسەرچاکەسازی ئەو لایەنەبکەن بمانەوێت ونەمانەوێت ئێمە مەحکومین بەوەی کە لەژێر ئەم دەسەڵاتەدابژین بۆ یە بەبۆچونی من چاکترین ئیش ئەوەیە کە دەبێت تەنیا کاربۆ چاکەسازی بکەین. ئەمریکیەکان پەندێکیان هەیە دەڵین ئەگەر ویستت مەسەلەیەك بکەیتە بابەت لەناوخەڵکدا و بتەوێت خەڵك ئاگاداری ئەو مەسەلەیەبێت: بەردەوام باسی بکە بە یەکجار مەوەستە، نابێت نوسەرو ڕۆشنبیر ماندووبێت دەبێت ملیۆنێك جار باسی گەندەڵی بکەین بۆئەوی خەڵك هۆشیار بکرێتەوە بۆئەوەی ببێتە بابەت لای خەڵك کە بوە بابەت بۆ خۆی خەڵك دواتر ئیشی لەسەردەکات. نابێت ماندووبین، بەڵام یەکێك لەکێشەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە لە کوردستان توشی هەمان قەیران بوە کە سیاسیەکان توشی بوون، ئەویش لە بێبەرنامەیەکی گەورەدا دەژی. پەندێك هەیە دڵێت: ئەگەر گۆشت گەنی خۆی دەکەیت، ئەگەر خۆی خراپ بوو.... ئەگەر کۆمەڵگە گەندەڵ وفاسد بوو دەبێت نوسەرو ڕۆشنبیر و سیاسی کاری لەسەر بکات، ئەی ئەگەر ئەوانە گەنین دەبێت چی بکرێت... !!!!

Gce_2006@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.